# لە ترسی ترامپ سایرۆس ئەمریکا جێ دەهێڵێت

کچە گۆرانیبێژی ئەمریکی مایلی سایرۆسی تەمەن ٢١ ساڵ رایگەیاند کە بەڵێنی داوە ئەمریکا بەجێ بهێڵێت ئەگەر لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی سەرۆکایەتی پاڵێوراوی دیموکراتەکان دۆناڵد ترامپ سەرکەوتنی بەدەستهێنا و بوو بە سەرۆکی داهاتووی بەهێزترین وڵاتی جیهان.

ئەم گۆرانیبێژە جیهانییە لەسەر ئەکاوەنتی تایبەتی خۆی لە ئەنستگرام لەم بارەیەوە نووسیویەتی: ترامپ خۆی بە کەسێکی زۆر گەورە و کەسێکی جیاواز و هەڵبژێردراو دەزانێت و ئێمەش تەنیا وەك پارچە کەلوپەلێکی بێ نرخ دادەنێت لەژێر قاچەکان، بۆیە بڕیارمداوە ئەمریکا جێ بهێڵم کە ئەو بووە سەرۆك، چونکە من بەرگەی قسەی پروپووچ و بێ ماناکانی ئەو پیاوە ناگرم، پێشتریش سایرۆس وێنەیەکی ترامپی لەسەر ئەنتەرنێت بڵاوکردبۆوە و بە کابووس وەسفی کردبوو.

شایەنی باسە دوای ئەوەی هەر یەکە لە دۆناڵد ترامپ و هیلاری کلنتۆن لە هەڵبژاردنە بەراییەکانی حزبەکانیان سەرکەوتنیان بەدەستهێنا، ئێستا بە دوو پاڵێوراوی سەرەکی دادەنرێن بۆ هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی ئەمریکا، بەڵام ئێستا ئەمریکییەکان لە رێگای ئەنتەرنێتەوە زیاتر بە دوای چۆنیەتی گواستنەوە لە ئەمریکاوە بۆ کەنەدا دەگەڕێن بۆ ئەوەی لەو وڵاتە بژین و بەشێك لە چاودێران ئەمە بۆ ئەگەری سەرکەوتنی ترامپ لە هەڵبژاردنەکان دەگەڕێننەوە.



# فیدیا تووشی شۆک بووە

وەك چۆن ئێستا دووبارەکردنەوە و نۆژەنکردنەوەی گۆرانییە کۆنەکانی هونەرمەندان بووەتە دیاردە و ژمارەیەکی زۆری هونەرمەندان لە زۆربەی وڵاتان کاری لەو جۆرە ئەنجام دەدەن، ئێستاش خەریکە دووبارەکردنەوەی فیلمی سینەماییش دەبێتە دیاردە، بەڵام جیاوازتر لەوەی کە لە گۆرانیوتنەوەدا ڕوودەدات، چونکە زۆر جار خودی فیلمەکە بە شێوەیەکی نوێتر بەرهەم دەهێندرێتەوە، یانیش سوود لە سیناریۆکەی وەردەگیرێ.

بەم دواییە لە وڵاتی هیندستان کۆپییەکی نوێی فیلمی مالاییالامی (Urumi) ڕۆژی ٢٠١٦/٣/١١ پێشکەش کرا کە لە پاڵەوانیەتی ئەستێرەی سینەمایی بۆڵیۆد فیدیا بالان و بریسفیرا سیکیمران، برابهۆدهیفا، تابۆ، و لە ساڵی ٢٠١٠ بەرهەمهاتووە و دوای شەش ساڵ دووبارە کرایەوە، بەڵام نمایشکردنی فیلمەکە نەبووە هۆی دڵخۆشبوونی فیدیا، تووشی شۆکی کرد و بە ئاشکرا تووڕەیی و نارەزایی خۆی دەربڕی، لەم بارەیەوە فیدیا وتی: هەرچەندە ئەم فیلمە یەکێکە لەو کارانەی کە من زۆر شانازییان پێ دەکەم و هۆکارێکی سەرەکی دەرکەوتن و ناوبانگی من بوو، بەڵام من هیچ زانیارییەکم نەبوو دەربارەی کاتی نمایشکردنی کە بەڕاستی بۆ من مایەی شۆك بوو، بۆیە هەستم بە بێزارییەکی زۆر کرد.
چەند سەرچاوەیەکی نزیك لە فیدیا رایانگەیاند کە تووڕەبوونی زیاتر لەبەر ئەوە بووە کە ئاگادار نەبووە و ڕۆڵی لەم فیلمە سەرەکی نەبووە، بەڵکو ڕۆڵێکی لاوەکی هەبووە.



# کلۆنی بیر لە وازهێنان دەکاتەوە

ئەستێرەی سینەمایی جیهانی جۆرج کلۆنی رایگەیاند کە بیر لەوە دەکاتەوە لە ماوەیەکی نزیکدا بە یەکجاری واز لە هونەر بهێنێت، ئەمەشی بۆ تەمەن گەڕاندەوە و دەیەوێ زیاتر گرنگی بە ژیانی تایبەتی خۆی بدات و ناتوانێت وەك بەر لە بیست ساڵ هەموو کاتی خۆی بۆ سینەما تەرخان بکات.

کلۆنی لە لێدوانێکیدا بۆ تۆڕی هەواڵی بی بی سی لەم بارەیەوە رایگەیاند: نامەوێ جەماوەر بە پیری بمبینێت، چونکە پیربوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە هونەرمەند نەتوانێت کاری هونەری زۆری هەبێت، هەروەها رۆژ لە دوای رۆژ چالاکیی مرۆڤی بەتەمەن کەم دەبێتەوە و لەگەڵیدا کاری هونەریش کەم دەبێتەوە و جەماوەر وەکو پێشوو نایبینن.

هەر سەبارەت بە بڕیاری وازهێنانی و کاردانەوەی لەلایەن جەماوەرەوە کلۆنی وتی: رەنگە ئەم بڕیارە لە لای جەماوەر تا رادەیەك قورس بێت، بەڵام من دڵنیام لەوەی کە هیچ ئەستێرەیەکی سینەمایی لە جیهان ناتوانێت تا ماوەیەکی زۆر بەردەوام بێت و هەمیشە لە دواوەی کامیراوە بێت و خەریکی نواندن بێت، بەڵام من جەماوەرەکەم دڵنیا دەکەمەوە دوای ئەوەی بڕیاری وازهێنانیش دەدەم لە نواندن لە سینەما دوور ناکەومەوە، بەڵکو بە دڵنیاییەوە روو لە کاری دەرهێنان دەکەم، واتە ناتوانم لە سینەما دووربکەومەوە.



